# پرۆژەی دەستووری هەرێم
# ڕێگایەکی تاریك بۆ ئایندەی کوردستان

حەمەغەفور

*mgafor@yahoo.com*

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەم ماددەیە دەروازەی ڕێگایەکی بنبەست دەخاتەسەرپشت بۆ وەلامدانەوە بە ئێستاو ئایندەی کوردستان.

***ماددەی : 1ی بنەما سەرەکییەکان–دەروازەی یەکەم لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان–عێراق***

*"هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی (فیدراڵە) لە دەوڵەتی عێراقی **فیدراڵدا**، **کە سیستمە سیاسییەکەی کۆماری و پەرلەمانی و دیموکراسییە** پشت بە بنەمای فرە لایەنی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و **بنەمای لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت**."* (هێڵەکان هی منن)

سەرلەبەری دەروازەی یەکەم لەم پرۆژەیە کە پێکڕا لە 17 ماددەدا جێکراوەتەوە، بەرلەوەی سەنگ و وەزنەی خواستی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا لە قاڵبی دەستووری و یاساییدا نەقاشی و ئەندازیاری بکات، پێشئەوەی ویست و ئیرادەو تەحەمولی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە پێناوی ڕزگاری لە کۆت و زنجیری زوڵمی قەومی و کۆتایی هێنان بە پلەدوویی و ڕێزدانان بۆ خەباتی ئەم خەڵکە لەپێناوی سەربەخۆییدا بکاتە هەوێنی کۆنکرێتی داڕشتنی بناغەی "پڕۆژەیەکی دەستووری" لەپێناوی بەدەستهێنانی شەرعییەتی نێودەوڵەتیدا، کە هەنگاوێکی ئەساسی بێت لە ڕاستای دانانی سنوورێکی عەمەلی بۆ جەورو ستەمی دەیان ساڵەی سەر سەری ئەم خەڵك و کۆمەڵگایە، ئەساسەن بەرلەوەی ڕێگایەك نیشانبدات بۆ وەلامدانەوە بە کیشەی کورد لە عێراقداو زامنکردنی دەستووری هەقیی جیابوونەوەو پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، زیاتر لە پرۆژەی گفتوگۆیەکی بیٚ نەزاکەت دەچیٚ کەخرابێتە بەردەم "دەوڵەتێك" کە نە هیچ سیفەت و ڕەنگ و بۆیەکی دەوڵەتیی پێوەیە(هەردەوڵەتێك) وە نە دەسەلات و شەرعییەتێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیشی هەیە(هەر دەسەلاتێك). ئەوەی ناوی نراوە دەوڵەت لە گاڵتەجاڕێك زیاتر نییەو مەودای لەئارادانەبوونی دەوڵەت بە ڕوونی بە هەموو جێگاوشوێن و ناوەندێکی وولاتەوە دەبینرێت. دەسەلات، یاخود دەوڵەتی ژێر حمایەو چاودێری هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی "سەوز"دا تەنانەت وەزیرو گزیرەکانی خۆشی پیٚ ناپارێزریٚ!

لەکاتێکدا بەرەنجامی سیاسەتی داگیرکاری ئەمریکا بووە هۆی زەمینەسازکردن بۆ شەڕێکی تائیفی و ترسناک کە کۆمەڵگای عێراقی بە تەواوی یۆگۆسلاڤیزە کردووە، سەرلەوحەی هەواڵەکانی ژورنالیزمی جیهانی بۆتە شوێنی ژماردنی ڕۆژانەی ژمارەی قوربانیانی سڤیلی ئەم کارەساتەی جەنگی تائیفەگەری لە عێراقدا، ئاسەوارێك لە ئەمن و ئاسایش نەماوەتەوە، کەچی پڕۆژەی دەستووری کوردستان بە خەمساردییەکی بێوێنەوە گەرەکییەتی شەرعییەتی دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی کورد لە ژێر پەردەی "دەستوور"دا لە قاڵبی دەسەڵاتی "هەرێمی فیدڕاڵی کوردستان"دا لەناو پڕۆژە یاسای دەستووری قەومی–ئیسلامی عێراقیدا دەرکێشێ و بیکاتە بارقەڵای دەریایەك لە کارەسات و کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی کوردستان لەپای بەزۆر لکاندنی بە عێراقەوە. دانیشتوانی کوردستان دەبێ ئەم پرسیارانە بەرەوڕووی دەستووری هەرێم بکەنەوە، کام هەرێمی کوردستان؟!هەرێمی تاڵەبانی یاخود هی بەرزانی؟ کامە عێراق...کام فیدڕاڵییەت...کامە دیموکراسی و فرەیی، کام ئاڵوگۆڕپێکردنی ئاشتیانەی دەسەلات؟! ئایا ڕەواو لۆژیکیە عێراقێك کرابێتە مەیدانی جەنگی تائیفی و پاکسازی ئینسانەکانی لەسەر بنچینەی ناسنامەو دوورو نزیکی ناوی مرۆڤەکانی لە"عومەرو عەلی"ەوە، باسی فرە لایەنی و دەسبەدەسکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی تێدا بکرێ؟! عێراقێك ژنان تیایدا قاچاغ بن و پاشکۆو داماوی دەستی چەقۆکێشانی هەوەسبازی ئیسلامی و قەومی کرابن، دوکتۆر و پزیشك و پرۆفیسۆر وهونەرمەندو گەنجان پۆل پۆل لێوەی هەڵبێن، کەچی دەسەڵاتدارانی ناسیونالیستی کوردی بە ئیفتیخارەوە بێ گوێدان بە خواستی کۆمەڵگای سکۆلاری کوردستان، باس لە پێکەوەژیانی ئیختیاری کوردستان بکەن لەگەڵ ئەم تەنوورەی ئاگری جەنگی تائیفەگەریەدا!؟ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقی دوای ڕژێمی بەعسی فاشیست، گۆڕاون بۆ پاکتاوکردنی شارستانییەت و ئینسانییەت و کۆمەڵگایەك لەبەر دەرگای ماڵەکانیاندا بەدەستی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی و بەبیانووی مقاوەمەو دەرکردنی هێزەداگیرکەرەکانەوە، ئەگەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی ئەم حیزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتی نەخوازێ، کام عەقڵی سەلیم ڕێگادەدات چارەنووسی کوردستان دووبارە گرێبدرێتەوە بە دەوڵەتی ناوەندەوە، لەوەش بەولاوەتر داڕشتنی دەستووریی بوئرەو کیانێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و حقوقی کە تامەزرۆی ڕزگاری و سەربەخۆییە لەپای چی بپێچرێتە ناو کێبەرکێیەکی نەبڕاوەی تائیفی نێوان شیعەو سوننەوە!؟ ئەم ئاراستە سیاسیەی سەرانی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی بەبڕوای من سووکایەتیکردنە بە حورمەت و کەرامەتی خەڵکی کوردستان. گاڵتەکردنە بە خەباتی ئەم خەڵکەو بە ئاوات و ئارەزووەکانیان.

بەندەکانی دیکەی دەروازەی یەکەم لەم پڕۆژەی دەستوورە سەرجەم پاڵپشتی بەندی یەکەمەو بە ئاوێزانکردنی نەبزێکی کوێرانەی قەومپەرستانی کوردی لەگەڵ ئەم پڕۆژە دەستوورییەیاندا، نیازیان وایە تا سالانێکی دوورودرێژی تر مامەڵە بە چارەنووسی کوردستانەوە بکەن. ئێستاش بۆ تووندکردنەوەی دەسەڵاتی گەندەڵی خۆیان بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە بە بیانووی پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقی فیدراڵەوە، وە جۆشدانی دەمارگیریی نەتەوەپەرستانە بەناوی "خەباتی دیموکراسیانە بۆ گێڕانەوەی بەشەکانی تری کوردستان بۆ سەر هەرێم!" لەچوارچێوەی بڕیاری بڕیاری 58 ی سەردەمی دەوڵەتی کاتی و بڕیاری

140ی دەستووری عێراقدا، بەناوی یەکالاکردنەوەی مەسەلەی کەرکوک وە هەلواسینی چارەنووسی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، دەیانەوێ خۆڵ بپژێنن بە چاوی خەڵکداو لە پشتەوە دەستیان بە کۆڵەکەی پواوی نەتەوەپەرستانەوە ببەستنەوە.

دەسەلاتی ئەم حیزبانە پاش 15ساڵ لە جیایی و سەربەخۆیی دیفاکتۆی کوردستان، دوای ئەوەی خەڵك 2ملیۆن ئیمزایان دا لە خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، نەهاتە پای ئەوەی گوێ بگرێ بۆ ئیرادەو خواستی سەرتاسەری ئەم خەڵکەو ڕێزدابنێت بۆ دەیان ساڵ ژیانی ژێردەستەیی و زوڵم و چەوسانەوەیان، ئێستا کە بزووتنەوەی نارەزایەتیی لە دژی گەندەڵی ئیداری و دزی و ڕاووڕووت، شارەکانی کوردستانی گرتۆتەوەو ئەم حیزبانەی بەتەنگ هێناوە، جێگای خۆیەتی ئەم پرۆژەی دەستوورەش بپێچنەوەو بە پەرەدان بە نارەزایەتییەکانیان و یەکگرتووکردنی ڕیزەکانیان، هەواو هەوەس و نەشئەی دەسەلات و کورسی حکومەتی ناوەندیان لێ تێکدەن و بیگۆڕن بۆ دابینکردنی داواکارییەکانیان. تەجروبەش نیشانی داوە ئەم حیزبانە تەنها بە خەباتی یەکگرتووانەی خەڵك وەلامدەدەنەوە. ئەوان پرۆژەی دەستووریان بۆ ئەوەیە خۆیان لە گەندەڵییەکانیان و لە خواست و داواکارییەکانی جەماوەر بدزنەوە، خەڵکیش بە پێچانەوەی ئەم دەستوورە ئامانجەکانی پشتی پرۆژەی دەستووری ئەم دەسەلاتە ڕیسوادەکەن. ئێستا لە هەموو جێگایەك بە ئاشکراو بێپەردە هەمووان باس لە دووری و جیایی ئەم حیزبانەو حکومەت و دەسەلاتیان دەکەن لەگەڵ خەڵکی کوردستان و خواست و ئامانجەکانیاندا. جگە لەوەش بە کردەوە ئاست و حەجمی گەندەڵی بەڕاددەیەك سەران و ڕیزەکانی ئەم حیزبانەی گرتۆتەوە کە تواناى حکومەتکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی کوردستانیان لەدەسداوە. کەس ناتوانێت لەسەر گەندەڵییەکان و بەتالانبردنی سەروەت و داهاتی کوردستان لە گوڵ کاڵتر بەکەس بڵێت. باشترین بەڵگە ئیجرائاتەکانی یەکیتی نیشتمانی بوو لە کاتی حەملەی هەڵبژاردنەکانیاندا کە بۆ چەواشەکاری ڕیزەکانی حیزبەکەیان برێك کەس و مەسئولیان دوورخستەوە. دوای هەڵبژاردن جەلال تالەبانی خۆی موعەزەز موکەڕەم گەندەڵکارەکانی گێڕایەوە شوێنەکانی خۆیان. ئێستا لە هەر کات و سەردەمێکی دیکە لەبارترە بۆ ئەوەی چارەنووسی کوردستان و خەڵکەکەی لەدەستی ئەم مفاوەزەچی و تالانچیانە دەربهێنرێ. ئێستا بە تەواوی ئیمکانی جیاوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکۆلار تیایدا ئامادەیەو خەڵکی کوردستان چیتر نابێ ئالوودەی بەندوبەستی ئەم حیزبانە بمێننەوە. بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد کێشەیەکی گەورەی وەکو مەسەلەی کورد بە عادلانەترین شێوە یەکالادەکاتەوە. با هەموو پێکەوە بڵێین نا بۆ دەستوور بەڵی بۆ ڕیفراندۆم.

112006-23